# تەسریحە ناسکەکان بۆ بووک



چەندەها تەسریحەی جوان بۆ قژەکان دەردەکەون، بـەڵام هەر یەکە جوانی و رازاوەیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە دەبێ لە رێگەی ئەو تەسـریحانە جوانی قژ دەربخەین و شێوازێکی دیکەی بۆ ئامادە بکەین کاتێك تەسریحە بۆ خانمێك یان خانمی بووك ئامـادە دەکرێت. دانانی تەسـریحەی بووك دەبێ بە جوانترین شێواز شێوەیەکی ناسکی هەبێت.

ئەو جۆرە تەسـریحەیەی وێنەکان، بۆتە مۆدەیەکی تایبەت بۆ تەسریحەی خانمانی بـووك، چونکـە یەکێك لە جوانترین نەخشەکانی تەسریحەی لە خۆ گرتووە، شێوازی پێشەوەی بە سادەیی و خاوی دەبێت، بەرەو پشتەوە بە هەمان شێوە، دواتریش بەرەو پشتەوەی مۆدەکە دەگۆڕێت و شێوازێکی دیکەی لە خۆ دەگرێت، ئەویش بە نەخشـی لوولەی لەناو یەك، لە پشـتەوەی قژ یان بەرەو لایەکی سەر دادەنرێت.

# پێنج هەنگاو بۆ جوانکردنی نینۆکەکانت





گرنگی دان بە پاراسـتن و جوانـکاری نینۆکەکانت یەکێکە لەو هەنگاوە گرنگانەی دەبێ رۆژانە خانمان لێوەی ئاگادار بن، بۆ ئەوەی بە دەستێکی ناسـك و جوان نینۆکەکانیـان رازاوە و کراوە بێـت. چەندین هەنگاوی سەرەکی هەن دەتوانێت نینۆکی پەنجەکان زیاتر جوانتر و رازاوەتر بکات. ئەمەش هەنگاوەکانن:

- مەهێڵە پێستی نزیك نینۆکەکانت وشك بێت، بۆیە کرێمی تەڕکەری نینـۆك بەکاربهێنە و بۆ ئەوەی زیاتر نینۆکەکانت تەڕ و پێستەکەشـی وشك نەبێت.

- مەهێڵـە نینۆکی پەنجەکانت بە رێژەیەکـی زۆر ژێر ئاو بکەوێت، چونکە لە هەندێك حاڵەت نینۆکەکان تووشی پیس بوون دەبێت بەهۆی ئەو ئاوەی پیسـەی دەچێتە ژێر پێستی نینۆکەکان و ئەمەش ژێرەوەی نینۆکەکان بێهێز دەکات.

- دوای بۆیـە کـردن مەهێڵە تۆز و خۆڵ بچێتە نـاو نینۆکەکان یان ژێر نینۆکت بکەوێت، ئەمەش وەك رێگەیەك لە پاراسـتنی نینۆك، یان کاتێك بۆیەیەکی دیکە ئەنجام دەدەی پێویسـتە بۆیەی پێشـوو تەواو لێبکرێتەوە.

- دەبێ شـێوەی نینۆکەکان لە شـێوەی پاقلاوەیی یان وەك شێوەی (معیـن)، ئەمەش بە مانای لە پێشـەوە شـێوەی بازنەیی بێت و لە لایەنەکانیش چوارگۆشەیی نیشان بدات.

- مەرج نییە پێش دانانی بۆیە، بۆیەی ئەساسـی کراوە لە نینۆکەکان بدرێت، چونکە تەنیا بۆ پاراسـتنی نینۆکە و لێدانـی دەبێتە رێگەیەك بۆ پاراسـتنی نینۆکەکان، هەروەها ئەگەر رەنگی ئەساسـەکە لێدرا، دواتر دەبێ بۆیەکە لێبدرێت، لە کۆتاییشدا دەکرێت سپرای چەسپاندنی بۆیە لێبدرێت.



# مۆدەیەک بۆ ڕازاندنەوەی چاوو برژانگەکانی ئاسک

هەنگاوەکانی کاری جوانکاری و ماکیاژ بۆ رووخسار، چەندین لایەن و بەش دەگرێتەوە. یەکێك لەو لایەنە گرنگانە بریتییە لە ماکیاژی چاو، ئەمەش لە ڕێگەی جوانکردنی پشت چاوەکان، لەگەڵ برۆ و برژانگ، چونکە سەرچاوەی جوانییە بۆ رووخساری خانمان و جوانیەکەی لە جوانی چاوی ئاسك دەچێت. مۆدەیەکی تازەی ماکیاژی چاوەکان، تا ئێستا لەم شێوەیە



ئامادەنەکراوە، چونکە ڕەنگی چاو لەم مۆدەیە لە تاکە ڕەنگێکی تایبەتە. مەبەست لەو تاکە ڕەنگە، ڕەنگی چاو لە گشت ڕەنگی ماکیاژی رووخسارەکە جیاوازی هەیە، بە مانای ڕەنگەکانی ماکیاژ و چاوەکان لەیەکتر ناچێت و جیاواز دەبێت. ئەوەی جوان بێت لە ڕەنگی ئەو ماکیاژە، دانانی هێڵێکی ڕەش لە دەوراوپشتی برژانگەکان، بەمەش جوانییەکی گەورە دەردەخات.





# کراسە سەرنجراکێشەکان بۆ وەرزی هاوین

مۆدەی کراسە ناسکەکان بە جوانترین شێواز دەرکەوت، یەکێکە لە سەرەنجراکێشترین دیمەنەکانی مۆدە و جلوبەرگە، دەتوانرێت بۆ ئەو وەرزەی هاوین بپۆشرێت، ئەوەی دەیبینن مۆدەیەکی تازەی کراسە درێژەکانی خانمانە، لە سەر شان تاوەکو سەر قاچە، شێوەیەکی ناسك و دیمەنێکی شایستەی هەیە. بە جۆرێك جوانی رادەکێشێت و نەرمی و هێمنی پێوە دەردەکەوێت.

شێوەی سەرەوەی ئەو کراسە بە تەڵێکی باریك لەسەر شان دەوەستێت و بەشێکی زۆری سینگ دەردەخات، دەکرێت بۆ ماڵ بە سادەیی بپۆشرێت، هەروەها بۆ دەرەوەش لەگەڵ بۆدییەکی هاوینە یان تەسك بپۆشرێت، بەمەش دەبێتە مۆدەیەکی تازەی کراسە جوانەکانی (٢٠٠٩).

# ڕەنگی قاوەیی هێمن کەرەوەی دیکۆرە






جوانی دیکۆرەکانی ماڵ دەبێ بە جوانترین شێواز کاری رازانەوە و جونکاری بۆ بکرێت، ئەمەش وەك هەنگاوێکی سەرەکی لە بنیاتنانی شێوەیەکی گەورە و رازاوە لە دیکۆرێکی ماڵ بە مەرجێك بەرچاو بێت، یەکێك لە گرنگییەکانی دیکۆری ماڵ، بریتییە لە ڕەنگی دیکۆرەکان. بەهۆی ئەوەی ڕەنگەکان دیکۆرەکان جوانتر و شایستەتر دەکەن، بۆیە گرنگی ڕەنگ لە جوانی دیکۆری ماڵ پێویستە.

یەکێك لەو ڕەنگە جوانانە بریتییە لە ڕەنگی (قاوەیی)، ئەم ڕەنگە تەنیا بۆ ژووری دانیشتن دادەنرێت، چونکە ژووری دانیشتن پێویستی بە هێمنی و هێوەری هەیە. ڕەنگی قاوەیی شایستەی هێمن کەرەوەی دیکۆرە و، وەك لەم دیکۆرە ناسکە بەدی دەکرێت.





## باڵەخانەی مار!

دروستکردنی باڵەخانە سەیرەکان شێوە و نەخشێکی جوان و شایستە دەبەخشن، بە جۆرێك گرنگی بە دیزاینی دەرەوەی باڵەخانەکان دەدرێت، ئەمەش کاتێك بیرۆکەیەکی جوانی بۆ ئامادە دەکرێت لە ئەگەر سەیرێکی وێنەی ئەم باڵەخانەیە بکەین، شێوەی مار دێتە پێش چاومان، لە وڵاتی رۆمانیا لە ناوچەی کارگەکانی ئەو وڵاتە توانیان جوانترین شێوەی باڵەخانە دروست بکەن. شێوەی باڵەخانەکان لە شێوەی مار دروست کراوە و، لەگەڵ ئەو نەخشەی لە جەستەی مار هەیە، هەمان شێویان لەسەر باڵەخانەکان نەخشاندووە ، بەمەش دیمەنێکی سەرەنجراکێش دەردەکات.

## لە خانووەکەت دانیشەو گەشت بکە





هەمووومان حەز بە گەشت و سەفەر دەکەین، چی دەبێت ئەگەر رۆژێك بێت لە ماڵەکەت بەرەو شوێنێکی دیکە گەشت بکەیت! ئەو رۆژە ئەمرۆ هاتە دی، چونکە جۆرە خانووێك دروست کرا لە سەرەوە وەك هەر خانووێك وایە، گشت کەرەستەیەکی خانووی تێدا بەدی دەکرێت. ئەوەی سەیر بێت دەکرێت ئەم خانووە لە شوێنێك بەرەو شوێنێکی دیکەی ببردرێت، چونکە لە خوارەوەی خانووەکە ماشێنێکی گەورە و زەبەلاح هەیە، لە توانایدایە ئەم خانووە بجوڵێنێت و بەرەو شوێنێکی دیکەی ببات.

## خۆی پێ زۆر جوانە!!



ئەو خانمەی خۆی بە جوانترین خاوەن رووخسار دادەنێت، کەچی لە بەرچاوی گشت کەسێك ناشایستە ترین رووخساری هەیە. رۆبیکا ماوەنتس ئەو خانمەی خەڵکی وڵاتێکی کیشوەری ئەفریقیایە، رووخسارێکی بە لۆچ و سەیری هەیە، تەنانەت لووتیشی نییە. تەمەنی ئێستای (٩٠) ساڵە و رووخساری زیاتر لە پێشووتردا گۆڕاوە. وەکو رۆبیکا دەڵێت: جوانی کچان و ئافرەتانی ئەو زەمانە، بەهۆی کاری جوانکاری و نەشتەرگەری و دەرمانە، منیش لە رووخساری خۆم رازیم و ئەو جوانییەی خۆم بە هیچ کەسێکی دیکە نادەم!



## درێژترین دوو قاچ

زۆر کەس هەن خاوەن قاچ و دەستی درێژن، رەنگە لەلامان سەیر بێت دەستێکی درێژ ببینین، بەڵام ئەگەر قاچێکی درێژ بێت سەیرتر دەبێت. ئەوەی دەیبینن نموونەیەکی زیندووە بۆ ئەو قسانەی سەرەوە، خانمێکی وڵاتی رووسیا بە ناوی (سفلیتانا بانکراتۆڤا) گەیشتە وڵاتی ئەمەریکا بە گەشتێکی تایبەت، بۆ ئەوەی ئاشنایی دروست بکات نێوان قاچەکان و خەڵکی ئەو وڵاتە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی خاوەن درێژترین قاچە، درێژی هەر قاچێکی تاوەکو ناوقەدی دەگاتە (١٢٨) سەنتیمەتر دەبێت، ئەو وێنانەش لە ویلایەتی نیویۆرك وەرگیراوە لە کاتی پێشوازی خەڵك لە درێژترین دوو قاچ.




## نمایشی (٢٠٠٠) بەرداخ لەسەر یەکتر

بەهرەی کەسە بە تواناکان رۆژانە دەردەکەون و دەتوانن کاری تازە ئەنجام بدەن، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە وردترین و ناخۆشترین کاری پێشبرکێ و ئامادەکردنی نمایشێکی تایبەت. (ئەلێکس) ئەو گەنجەیە دەتوانێت هەزارەها گڵاس و بەرداخ لەسەر یەکتر دابنێت و بەبێ ئەوەی هیچیان بکەوێت.



لە نمایشێکی تایبەت لە وڵاتی بەریتانیا، توانی نزیکەی (٢٠٠٠) بەرداخ لەسەر یەکتر بە جوانترین نەخشی تایبەت لەسەر یەکتر دابنێت، بەبێ ئەوەی هەڵەیەکی بچووکیش بکات. بەرزایی شێوەکە گەیشتە (١٧) مەتر لە گڵاس، ئەمەش لێهاتوویی و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت تا ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنرێت.



## تەمەنی ٩٢ ساڵە و قژی ٣ مەترە

زانیومانە هەردەم ئافرەت خاوەن درێژترین قژن، یان قژی ئافرەتان زیاتر گەشە دەکات و درێژتر دەبێت لە بەرامبەر قژی پیاوان، چەندین حاڵەتی وامان نیشان داوە بۆ ئەو ئافرەتانەی خاوەن درێژترین قژن، بەڵام ئەمجارەیان پێچەوانەی ئەو حاڵەتە نیشان دەدەین.

ئەو پیاوە لە وڵاتی هیندستان دەژییت و ناوی (شیرۆخایە)، تەمەنی (٩٣) ساڵ دەبێت و ماوەی (٥٤) ساڵە قژی نەبریوە، تەنانەت ناتوانێت کاری پاککردنەوەشی بۆ بکات، تەنیا بە کەزی کردن دەیرازێنێتەوە. درێژی قژی ئەم پیاوە دەگاتە (٣) مەتر و (٢٤) سەنتیمەترە، ئەم پیاوەش دایناوە تا دوا هەناسەی قژی نەبڕێت و بەمشێوەیە بمێنێتەوە.



# گەورەترین پشـ

دوای ئەوەی چەندین هەواڵی گەورە گیاندارەکانمان نیشـاندا لە ماوەکانی پێشوو، کەچی دەبێ ئەمجارەش ئاماژە بەو پشـیلە بکەین، چونکـە جیاوازە لە گشـت پشـیلەکی دیکە. ئەگەر سـەیرێکی ئەو وێنەیە بکەین، هەرگیز بـاوەڕ ناکەین پشـیلە بێـت، کەچی بڕیار دان دەنێن بەوەی ئەو پشـیلەیەش





# خانوویەکی سەراوژێر

جیهانی سەراوژێر خەریکە ڕێچەکەیەك دەگرێت و شـێوەیەکی تازە لە دیمەنە سەیرەکان دروست دەکات، کێ دەتوانێت بـۆ ماوەیەکی کورت بە سـەراوژێری بژییێت ! ئـەوەی دەیبینن شـێوەیەکی تازەیـە لە ڕێگاکانی دروسـت کردنی باڵەخانە و خانووە سەراوژێرەکان.

لـە وڵاتـی ئەڵمانیـا بـۆ یەکەم جـار خانووێك دروسـت کرا، گشـت کەرەستەکانی بە سـەراوژێری دروست کـراوە و بەبێ، تەنانـەت خانووەکەش شـێوەی دەرەوەی سـەراوژێرە ! ئەوەی سـەیر بێت کێ دەتوانێت لـەم خانووە بژییێت گشت کەرەسـتەکانی سەراوژێر بێت.





# سەگە و لەپێستی مەڕدا

شێوە سەیرەکانی گیانداران هەر یەکە بە جۆرێك دەردەکەوێت، ئاژانسەکانی هەواڵ لە وڵاتی هەنگاریا بۆ یەکەم جار هەواڵی سەیرترین سـەگی جیهانیان بڵاوکردەوە، شێوە سەیری ئەو سـەگە زیاتر لەوەدایە لە سـەگ ناچێت، تەنانەت وەك مەڕێك دەکەوێتە بەرچاو.

ئەو سـەگە لە باخچەیەکـی ئاژەڵانی ئـەو وڵاتە بـووە، بەبێ ئـەوەی هیچ چارەسـەرێکی تەندرووستی بۆ بکرێت، شێوەی سەگە بەم گرژە تووکەوە گەشەی کرد، تا گەیشتە ئەو ڕێژەیەی تووکەکانی تاوەکو ژێر قاچەکانی بێت و، وەك مەڕێك خۆی نیشان بدات.



## ـــــيلەی جیهان

ڕاستەقینەیە و، تەنانەت وەك پشیلەش دەژیێت.


لە وڵاتـــی پیـــرۆ، ئەم پشـــیلەیە دۆزرابییەوە و شێوە قەبارەی لە مەڕێك دەچێت. کەچی پشیلەیە و بە قەبارەیەکی گەورە، کێشی دەگاتە (٢٤) کیلۆگرام، لەگەڵ درێژی بە پانی پشیلەکە دەگاتە (٦٥) سەنتیمەتر.





## حۆریەکی دەریا دۆزرایەوە






زۆر جـار گوێمان لە حــۆری دەریا دەبێت، ئەمەش وەك شــاجوانێك لە دەریا لــە نێو فیلــم و چیرۆکــە خەیاڵییەکان دەبیســـتین، بەڵام چی دەبێت ئەگەر ئەم چیرۆکــە خەیاڵییانە ببێتە ڕاســتەقینە و، گیاندارێکی هاوشــێوەی مرۆڤ لە شێوەیەکی سەیر و ناشرین بدۆزرێتەوە لە یەکێك لە وڵاتەکانی جیهان.

لە وڵاتی فلیپین گیاندارێك دۆزرایەوە پێشبینی دەکرێت تەمەنی زیاتر لە (٤٠) ســاڵ بێت، ئەمەش دوای پشــکنینی لەلایــەن زانایەکی بەریتانــی بە ناوی (تۆماس براون)، ڕەنگــی ئەو گیاندارە سپییە و ڕاستەقینەیە، ئێستا مردووە و، تا ئێستاش بە یەکەم حۆری دەریا دادەنرێت.

## شێوەی قژێکی سەیر لە دڵ



شێوە تەسریحە سەیرەکانی خانمان، ئەوانەی بۆ کاری جوانکاری و ســەیر و ســەمەرە ئەنجامی دەدەن دەبێتە ڕێگەیەك بۆ دانانی تەسریحەیەکی تایبەت بە شێوەیەك، ئەمەش وەك سەرەنجراکێشان و مایەی سەمەرە بێت. ئەوەی دەیبینن شێوەیەکی تازەی تەسریحەی قژ و خانمانە، شێوەکەش بە جۆرێك شێوەی دڵ یــان هێمای خۆشەویســتی دروست دەکات.

ئەم خانمە لە وڵاتی سویســرا دەژیێت و لە منداڵییەوە شــێوەی قژی بەمجۆرە بریوە و تاوەکو ئێستا هەمان شــێوەی تەسریحەی دڵەکــە دووبارە دەکاتــەوە. بەمەش دەبێتە سەیرترین و جوانترین تەسریحەی قژ.

# چەرخ و فەلەکی ئۆتۆمبێلیش پەیدابوو

شاری یارییەکان لە گشت جیهان هەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کەس لەم یاریانە دەترسن، بە تایبەت یاری خولانەوەی بەرز، ئەوەی بە چەرخ و فەلەك ناسراوە. بۆیە بیرۆکەیەکی تازەیان داهێناوە بۆ ئەوەی خەڵك بەبێ ترس لەم یاریانە سەربکەون، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی ئۆتۆمبێل لە شوێنی کەسەکان. ئەمەش هەستێکی بەبێ ترس ئامادە دەکات، وەك لە وێنەکەدا دەبینن چۆن ئۆتۆمبێل لەسەرەوەی یارییەکە دانراوە.




# مەیموونێک جەستەی لە مرۆڤ دەچێت



شێوەی مەیموون زیاتر لە شێوەی مرۆڤ نزیکە، زیاتریش لە ڕووخساردا، بەڵام ئەوەی لەم وێنەیە دەبینن تازەترین شێوەی مەیموونە دۆزراوەتەوە، سەیری ئەو مەیموونە لەوەدایە جەستەی زۆر لە جەستەی مرۆڤ نزیکە. ئەگەر لە پشتەوە سەیری ئەو مەیموونە بکەیت، بە مرۆڤ دێتە بەرچاو. ئەو مەیموونە بەم دواییە لە دارستانەکانی وڵاتی ئوستراڵیا دۆزراوەتەوە و کەچی ڕەفتاری لە مەیموونی ئاسایی ناچێت.

# خاوەن گەورەترین دەم




کەسانێکی زۆر هەن دەمیان گەورەیە، ئەوەش بەبێ ئەوەی هیچ مانایەکی ناخۆشی هەبێت. ئەو پیاوەی دەیبینن ناوی (لۆکاس)ە و خاوەن گەورەترین دەمە لە جیهان. دەمی ئەوەندە گەورەیە جێگەی زۆر شت دەبێتەوە، یەکێك لەو شتانە بریتییە لەم وێنەیەی توانیویەتی (٣) تۆپ لەناو دەمی بنێت. تۆپەکانیش بریتیین لە: تۆپی بیلیارد – تۆپی تێنسی سەر زەوی – تۆپی گۆڵف.

## بۆ ئاســـــوودەیت

☺- دوو کـــوڕ چوون مەلە بکەن، یەکێکیان گوتی: مەلە ناکەم، ئەوەی دیکەش گوتی: بۆ؟
ئەویش گوتی: باوکم گوتی ئەگەر بخنێکی دەتکوژم.

☺- پیاوێکی گێل هەردەم سەیری هەواڵەکانی دەکرد، ڕۆژانە لە بەیانی تا ئێوارە، ئێوارەیەکەیان خزمێکی خۆی ســەردانی دەکات و پێیدەڵێت: بۆ ئەوەندە ســەیری هەواڵەکان دەکەیت زۆربەی ڕاست نییە! ئەویش دەڵێت: هەر حەز دەکەم ئەڵقەی کۆتایی ئەو هەواڵانە بزانم.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

زیاتر لە پێشـــتر بایەخ بە لایەنی ســۆزداریت دەدەیت و دەبێتـــە پلەی یەکەم لە ڕیزبەندی کارەکانت ئەمەش بەهـــۆی ئەوەیە کە هەســـت بە تەنیایـــی دەکەی و پێویستیت بە کەســێکە ببێتە خۆشەویستت، لەگەڵ ئەمەشدا بەخت دەبێتە هاوڕێت بۆ گەیشتن بە ئاواتەکەت.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەگەر پێویســـتیت بە یارمەتی کەسێك هەیە هاوڕێت بێت یان یەکێك بێت لە خزمەکانت ئەوا ئێستا داوای لێ بکە. چاوەڕوان بە دیاریەکت پێشکەش دەکرێت بەهۆی بۆنەیەکەوە کە تایبەتە بە خۆت. پێویستە هەندێ گۆڕانکاری ئەنجام بدەی و سەرەتا لە شتە بچووکەکانەوە دەست پێ بکە.




### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەم هەفتەیە زۆر ســـەرقاڵ دەبیـــت و کارەکانت زۆر دەبـــن بۆیە دەبێت هەموو توانـــای خۆت بەکار بێنیت بۆ ئەوەی تووشـــی شکســـت نەبیـــت. ئەگەر بیر لە پەیوەندیەکی خۆشەویستی دەکەیەوە، دەرفەتێك لە ڕێگادایە بۆ هاتنە دی خەونەکەت.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

وا هەســـت دەکەی ئێســـتا خەڵك بایەخت پێ نادەن، بیرکردنەوەکەت هەڵەیە وا باشـــترە بە خۆت دا بچیـــەوە و زیاتر تێکەڵی خەڵـــك بیت بۆ ئەوەی ئەو گومانەت بڕەوێتەوە. کاتێکی خۆش بەســـەر دەبەی لەگەڵ کەســـە نزیکەکانت کە ماوەیەکی زۆرە نەتبینیون.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢


لەوانەیـــە کێشـــەیەکی بچـــووك لەنێـــوان خۆت و بەرامبەرەکـــەت ببێتە هۆی ئـــەوەی لە یەکتر زیز بن و پەیوەندیەکەتـــان کۆتایی پێبێت، ئەوەی لەســـەر تۆ پێویستە هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە پێش ئەوەی گەورە بێت. لایەنی داراییت گەشەکردنێك بە خۆیەوە دەبینێت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەڵوێســـتی ئەو کەســـانە لەیاد مەکە کە هاوخەمی تـــۆن و لەکاتی هەر دڵتەنگیەکدا بە هاناتەوە دێن. بە ماوەیەکی کەم کەســـانێکی زۆر دەناسی لەداهاتوودا پێویســـتیت پێیان دەبێت بۆ ئەوەی لە پڕۆژەیەکی تایبەت یارمەتیت بدەن.

ئا/ هێمن قەسرەیی




**ئاسۆیی:**

١- گۆرانی بێژێكی كوردە خاوەنی وێنەكە
٢- چیایەكە لە ئەمەریكا(پ).
٣- خواردنی ئاژەل(پ)- تەنیشت(پ)- پرس.
٤- پیتێكی ئینگلیزیە- گۆرانیبێژێكە(پ)- بەشێكە لە لەش
٥- پایتەختی وڵاتێكی ئەوروپایە- شارێكی كوردستانە(پ)
٦-بێ دەنگ(پ)- كیس(ت).
٧-میك(ت)- پایتەختی وڵاتێكی عەرەبییە(پ).
٨- جۆرە قوماشێكە(پ) — پایتەختی وڵاتێكی ئاسیایە.
٩- قژ- بۆ(پ)- درەت- نیوەی روما.
١٠- دوو پیتی باز- پێغەمبەرێكە(پ) نیوەی رەوا.
١١- وڵاتێكی عەرەبیە(پ).
١٢- گۆرانیبێژێكی كوردی كۆچ كردووە.

**ستوونی:**

١- كچە گۆرانیبێژێكی كوردە.
٢- كامە- چیایەكی كوردستانە(پ)ز
٣- خۆزیا
٤- رۆكێكی خورسكە- پایتەختی وڵاتێكی ئەوروپایە.
٥- دوو پیتی یەن- دراوێكە- پایتەختی تبت
٦- ناوێكی كوڕانە(پ) — سێ پیتی مندالْ.
٧- خواردنێكی بەناوبانگە- وڵاتێكی ئەورووپیە(پ).
٨- دژ- شارێكی كوردستانە(پ) وڵاتێكی ئەوروپییە
٩- ئەكتەرێكی ئەمەریكیە
١٠- سایب(ت).
١١- هار(پ) — كروم(ت).
١٢- كچە گۆرانی بێژێكی كوردە.

***ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی***

## بۆ زاخـــاوی مێشك

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بكەرەوە لە كۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**


- پیتی خانەكانی (٥+٦) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ژمارەیەكە لە ژێر ژمارە دە)
- پیتی خانەكانی (٣+٤+٥ ) كۆ بكەیتەوە بە مانای (بەشێكە لە جەستەی مرۆڤ — زۆربەی ماسولەكەیە)
- پیتی خانەكانی (٥+٤+٣) كۆبكەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەكانی ( ٣+٢+١+٤ ) كۆ بكەیتەوە بە مانای (پایتەختی وڵاتێكی ئەورووپیە)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (موزارت) بوو




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

سـوود لە ئەزموونـت وەربگرە و هـەر دەرفەتێكت هاتە پێش لەدەستی مەدە بۆ ئەوەی هەموو شـتێك لەبەرژەوەندی خۆت بێت، ئەگـەر لەرابردوودا لەهەر بوارێكـدا هەڵەیەكـت كردووە، خـۆت دووربخـەرەوە لەهەموو ئەو هۆكارانەی بوونەتە هۆی ئەو هەڵەیە تاكو دووبارە نەبێتەوە.



### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بەشـداری لەبۆنەیەكـی كۆمەڵایەتـی دەكەیت و كاتێكی خۆش بەسـەر دەبـەی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵوێسـتت بگۆڕێت و لەمەودوا زیاتر بایەخ بە چالاكیـە كۆمەڵایەتیەكانت بدەی كە ماوەیـەك بوو خۆت لێی دوورخستبووەوە.




### كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەسـتێرەی بەختـت ڕوو لە گەشـانەوە دەكات و لە زۆربەی لایەنەكانی ژیانت ئەوەی دەتەوێ بەدەسـتی دێنیت، بۆیە لە ئێستاوە خۆت ئامادە بكە بۆ ئەو كاتە خۆشە لەبەر ئەوەی دووبارە نابێتەوە و ئەو شتانەی بەدەستیان دێنیت زۆر بە باشی بیانپارێزە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئـارەزووی سـەفەرێكی دوورودرێژ كـە دەمێكە بیری لێدەكەیـەوە زیاتر دەبێـت، كاتەكە گونجاوە بـۆ نوێـكاری و داهێنان لە بـواری كاركردن دا، پرۆژەیەكت پێشكەش دەكرێت بە باشی بیری لێبكەوە و ئەگەر ئەزانی سوودی بۆت هەیە كاری لەسەر بكە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

زیرەكـی و لێهاتوویـت یارمەتیت ئـەدەن بە خێرایی هەڵەكانت راست بكەیتەوە و رێگای راست و سەركەوتن بگریتـە بەر، هەرگیز رێگا مەدە كەس بێتە ناو ژیانی تایبەتیتەوە و نهێنیەكانت لای هەموو كەس باس مەكە، لەبواری سۆزداری دا كاتەكە هەستیارە بۆیە بۆیە دڵی خۆشەویستەكەت مەشكێنە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئـەم هەفتەیە بانگهێشـت دەكرێی بۆ بەشـداربوون لە بۆنەیەكـی خێزانیدا و دەبیتە مایەی سـەرنجی ئامادەبووان، پێویستیت هەندێ لە كاتی خۆت تەرخان بكەی بۆ بەخۆداچوونەوە و دەستیشانكردنی خاڵە لاوازەكانت، كارێك مەكە ببێتە هۆی ئەوەی لەداهاتوودا خەمی بۆ بخۆی.

hemntoni@yahoo.com